# ئەو رۆژە, دوكەڵی هەڵەبجە جیاوازبوو

**عومەرمحەمەد**

بۆ ماڵپەڕی ناوەندی هەلەبجە دژ بە ئەنفال‌وجینۆ سایدکردنی گەلی کورد _ چاك

تكایە ئەو بابەتانەی لە سەر ڕووداوەكەی هەلەبجە نوسراوون كەم دیقەتییەكی زۆری پێوە دیارە, ناوەندی هەلەبجە خاوەنی بڕواو متمانەیەكی گەورەیە بەهەندیك تیژتێپەری لەدەستی مەدەن, من كە ئەندامی ناوەندی هەڵەبجەم‌وبەنیازی بەشداریكردن لە مەراسیمی یادی گیانبەختكردوانی هەڵەبجە ئامادەبووم, ئاگادری زۆری ڕووداوەكەم‌و دەبوایە لانی كەمی سەرچاوەی هەواڵەكانتان ئێمە بووینایە كە لە ڕووداوەكە ئامادەبووین. من لێرەوە رای دەگەیەنم خۆپیشاندانەكە هێمنانە نەبوو, هەروەها رێكخراوو تۆكمەش نەبوو خەڵكێكی تووڕە كە زۆربەیان لەلاوانی شاری هەڵەبجە پێك هاتبوون. بە بەردبارانێكی ترسناكەوە بەرەو مۆنۆمێنتەكە چوون, هەرلە رێوە بەرلەوەی دەستیان بگاتە هیچ شتێك بە بەردە گەورەو بچوكەكانی دەستیان ئەو تابلۆیەیان لەتوپەت كرد كە لەسەری نوسرابوو( **هاتنە ژوورەوە بۆ بەعسیەكان قەدەغەیە**) !! من ئەم دیمەنە زۆر ئازاری دام , چونكە بەبڕوای من تاكو ئەو چركەساتە جوانترین تابلۆ تەنانەت ( لەمۆنۆمێنتەكەش جوانتر) ئەو تابلۆیە بوو كە لە دەروازەی شاری هەلەبجەو دەروازەی مۆنۆمێنتەكە دانرابوو, من بەش بەحاڵی خۆم پەنجەی رازیبوون بۆ خۆپیشاندانێك راناكێشم تەروو ووشك بەیەكەوە بسووتێنی, بەعسی‌وقوربانیەكان بەیەك چاو تەماشابكات, ئاخر لەناو مۆنۆمێنتەكەدا سەدان وێنەو بەڵگەی مەزلومەیەتی شارێك‌ونەتەوەیەك سووتێنران‌و شكێنران, ئەومۆنۆمێنتە تەنها موڵكی هەڵەبجە نیە هی قوربانیەكانیەتی هی نەتەوەیەكە, تەنانەت هی حكومەتی هەریمی سلیمانیش نیە, چونكە خێری پێنەكردوون , پارەی ئەو مرۆڤانەیە كە بەناهەق گیانیان لێسەندرایەوە, ئەگەرچی لەپاڵ ئەو پرۆژەیەدا دزی‌وفزیەكی زۆریش كرابێ ئەوە قوربانیەكان لی بەرپرسیارنین, بەڵكو ئەوە زیندەواكانن لی بەرپرسیارن, باشە خەلكێك لە دەسەڵات تورەیە بۆچی رێز لە قوربانیەكانی خۆی ناگرێت؟ تابلۆ بەرزەكانی هونەرمەند رێبوارسەعید وردوخاشكران‌وپارچەكانی لەسەرجادە فرێ دران, ئێخۆ رێبوار سەعید نەئاسیش بوو نە پیاوی حكومەت؟! وێنەكانی ناو دادگای شاری لاهای كە بریاربوو رۆژی 3/16 پیشانی خەڵكی هەڵەبجەومیوانەكانی بدرێن, بە پیلاقە لەتوپەت كرابوون, دادوەری هۆڵندی فرێد تەیفن, كریستا, مارتن, زێخ فێلد پارێزەری قوربانیانی كیمیاباران, شایەتەكانی سەردەشت, عەلی مەحمودو خەندە, خۆ ئەمانە بەرپرسە دزو گەندەڵەكانی دەسەڵات نەبوون؟ خۆ ئەمانە شەونخونیان بۆ غەدری هەڵەبجە كێشابوو؟ خۆپیشاندەرێك ئەمانە بسووتێنێ؟ دەبێت ئامانجی چی بێت لەو خۆپیشاندانە؟! مەرج نیە هەر خۆپیشاندانیك دژی دەسەڵات بوو ئیتر ئەوە مەشرووعە؟ ئەگەر هەموو ئەوانەی لەناو مۆنۆمێنتەكەدابوون, تایبەت نەبوونایە بە كۆمەڵە مرۆڤێكی غەدرلێكراو بە قوربانیانی چەكی كیمیایی ئەوانەك مۆنۆمێنتەكە بەڵكو هەموو سەروەت‌وسامانی ناوچەی شارەزور خوێنی یەكیك لەو لاوانە ناهێنێ كە لە 3/16ی ئەمساڵدابوونە قوربانیانی ڕووداوەكە. ئاخر ئەمە چ لۆژیكێكە تۆ لەدەسەڵات تورەبیت‌و بچیت شەڕ بە رەمزی قوربانیەكانی خۆت بفرۆشی؟ ئەگەر خۆپیشاندانەكە تەندروست بوایە ئەوا نەدەبوو ئەم كارەبكەن

دەبوایە سەرجادەکەیان بەرنەدایەو ڕێگە بەهیچ بەرپرسێك نەدەن بێتە شاری هەلەبجەوە دروست وابوو کەس نەچێتە ئەو مەراسیمەوە کە دەسەڵاتداران بەتەمابوون سازی بکەن ئەمەیان باشترین وەڵامدانەوەی هیمنانە بوو. من چۆن بەگومانەوە تەماشای خۆپیشاندانێك ناکەم کە پەرلەمانەکەی خۆی ڕەتدەکاتەوەو داوای ئەوەبکات بیخەنە سەر وڵاتێکی تر؟!!( نامانەوێ پەرلەمان بمانخەنە سەرئێران) ئەمە دروشمێکی ناو خۆپیشاندەران بوو؟!! ئەمە چەندە مایەی حەیا چوونی حکومەتی هەریمی هەردولایە چەندە ترۆکردنی پەرلەمانی کوردستانە سەد هێندە بی بایەخکردنی خۆپیشاندانیشە. ئایا ناوەندی هەلەبجە ڕازییە بەوەی خەڵکی هەلبجە بچنە سەر ئیران‌وپەیوەندیان بەم وڵاتەوە نەمێنێ؟

ئەفسووس ئەو ڕۆژە من بینیم عومەری خاوەر خنکا بینیم پەیکەرەکەی لە دوکەڵدا وون بوو بەڵام دوکەڵی ئەمجارە زۆر خەستتر بوو, دوکەڵێك بوو ڕووی هەمووومانی ڕەش کرد لەپێشەوە هی ئەو بەرپرسانەی ئەم لاوانە پاڵپێوەدەنێن بەرەو توندوتیژی, ئینجا هی ڕۆشنبیرانی ئە وڵاتە کە لە قسەی پڤدراو زیاتر هیچیان لێناوەشێتەوە, هی ئەو سیاسیانەی هەزاران عومەری خاوەر بەپێچکەیەکی کورسیە ناقۆڵاکەی ناگۆڕێتەوە هی خۆپیشاندەرانیش کە نەیانتوانی بەشەهیدیش ڕێز لە عومەری خاوەر بگرن. ئەو ڕۆژە دوکەڵی هەڵەبجە جیاوازبوو زۆر زۆرلە ڕق‌وحقدودڵرەشی بەرپرسەکانی بەعس‌و هینەکانی ئەم ووڵاتەی پاش بەعسیش ڕەشتربوو. نەدەبوایە خەلکی هەلەبجە ئەو غەدرەبکەن؟ نەدەبوو دلی کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو کوردستانو هەلەبجە خۆش بکەن, بەڵام نەدەبوو بهێڵن جاریکی تر نەك هەر کۆنەبەعسیەکان بەڵکو هاوەلەکانیشیان سەربەو شارەدا بکەنەوە, بەڵام کە ئەمەیانکرد چییانکرد!! جگەلە بەفیرۆدانی خوێنی چەند گەنجێکی شارەکە چی دەستکەوتێکی تریان بۆ هەلەبجە مسۆگەرکرد؟ بەپرسانیان ئاقڵکرد؟ ویژدانی هەلەبجەییەکانیان ڕاحەت کرد؟ هەرگیز نەخێر. ئەفسووس ئەوەی لاوانی هەلەبجە کردیان هەر ئەو دەسەڵاتدارانە قازانجەکەی دەچننەوە کە ئەمان لەدژیان ڕاپەریوون! بەڵام ڕەنگە تەنها ڕوخسارەکانیان بگۆڕدرێت.

بەداخەوە من چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد ناوەندی هەلەبجە دوای مەحکوم کردنی تەقەکردن‌و کوشتن‌و برینداربوونی لاوان مۆنۆمینتەکەی هەلەبجەی لەیاد نەکردایە, لەبەرهیچ نا تەنها لەبەرئەوەی پەیکەری چەندین قوربانی بەگازخنکێنراوی تێدا درووستکراوەو ئەمڕۆ سیاسەتمەداران‌وڕۆشنبیران‌و پیاوماقوڵانی گەلەکەمان بازرگانیان بەسەرەوەدەکەن.